**بەش: دەروونزانی**

**کۆلێژ: ئاداب**

**زانکۆ : سەلاحەدین**

**بابەت : دەروونزانی مەعریفی**

**پەرتووکی کۆرس : قۆناغی چوارەم- کۆرسی یەکەم**

**ناوی مامۆستا / پ.د.عمر ابراهیم عزیز**

**ساڵی خوێندن: ٢٠٢٣-٢٠٢٤**

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | جیاوازی تاکایەتی |
| 2. ناوی مامۆستای بەر پرس | پ.د.عمر ابراهیم عزیز |
| 3. بەش/ کۆلێژ | دەروونزانی/ ئاداب |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل:omar.azeez@su.edu.krd |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | تەنها (٣) کاتژمێر تیۆری |
| 6. ژمارەی کارکردن | |
| 9. وشە سەرەکیەکان | |

**ئامانجی تایبەتی:**

ئامانجی تایبەتی ئەم بابەتە ئاشناکردنی قوتابیانە بە سایکۆلۆژییەتی مەعریفە و چوونە نێو هەموو ئەو برگە و بابەتانەی لە دوور و نزیکەوە پەیوەندیان بەو زانستەوە هەیە و تاك ئاگادارەکەنەوە بەوەی خودی ئەو هەمیشە پێکهاتووی پرۆسێسە مەعریفییە سادە و ئالۆزەکانە و کردارە مەعریفیەکان راستەوخۆ تواناکانی ئەو لەسەر پەیبردن و بیرکردنەوە و یادەوەری و شێوازە مەعریفیەکان و تەواوی پرۆسەکانی تر دەردەخەن..

ئامانجی گشتی:

پەرەپێدانی هزری قوتابیانە بەوەی چەندە لە دەروونزانی و لقەکانی قووڵبنەوە ئەوەندە بایەخی ئەو زانستەیان بۆ روونتر دەبێتەوە و ئەو زانستەش (دەروونزانی مەعریفە) زانیاری زیاتریان لەبارەی هەڵسووڕانی خۆیان وەك بوونێکی عاقڵ لە نێو کۆمەڵگە لا گەلاڵە دەبێ.

***پرۆگرامی بابەتی دەروونزانی مەعریفی (Cognativ psychology)***

***لەم بابەتانەی بەسەر ئەم حەوت بەشدا دابەشکراوە:-***

## بەشی یەکەم

## دەروازەیەك بۆ دەروونزانی مەعریفی

- پێناسەی دەروونزانی مەعریفیی
- بۆچی ئەو زانستە دەخوێنین؟
- کورتەیەکی مێژوویی لەبارەی مەعریفە و دەروونزانی مەعریفەوە:
- دەروونزانی مەعریفی لە روانگەی مێژوەوە:
- بابەتەکانی دەروونزانی مەعریفی
- میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەی زانستیی لە دیاردە مەعریفیەکان

## بەشی دووەم

## بنەما بایۆلۆژییەکانی مەعریفە

- دەزگەی دەماریی و پەیوەندی بە مەعریفەوە
- رێکخستنی دەزگای دەماریی و ئەرکەکانی
- بەشەکانی دەزگای دەماریی
- تایبەتمەندییە کانی پێکهاتنی دەزگای دەماری ناوەندی
- گەشەی مێشك
- ئامادەکردنی زانیاری و چارەسەرکردنی لە دەزگای دەماریی
- گوێزەرەوە دەمارییەکان

## بەشی سێیەم

## " ئاگایی"

- چەمکی ئاگایی
- هەستکردن و ئاگایی و پەیبردن
- جۆرەکانی ئاگایی
- تایبەتمەندییەکانی ئاگایی:
- ئەرکەکانی ئاگایی:
- قۆناغەکانی ئاگایی
- ئەو فاکتەرانەی کار لە ئاگایی دەکەن

## بەشی چوارەم

## دەرککردن (پەیبردن)

- پێناسەی دەرککردن
- چەمکی دەرککردن
- خەسڵەتەکانی رەفتاری دەرککردن :-
- پەیبردنی کۆمەڵایەتی :-
- پەیبردن لە رێگەی بینینەوە :
- رێچکەکانی پەیبردن لە رێگەی بینینەوە :
- پەیبردن لە رێگەی بیستنەوە :
- فاکتەرە کاریگەرەکانی سەر دەرککردن
- جێگیریی پەیبردن
- پەیبردن بە قوڵایی
- پەیبردن بە جووڵە
- هەڵەکانی پەیبردن

## بەشی پێنجەم

## یادگە و چارەسەری زانیارییەکان

- پێناسەی یادگە
- پێوانی یادگە
- پێناسەی بیرچوونەوە
- سوودەکانی لە بیرچوون:-
- تیۆرەکانی لەبیرچوونەوە:-
- جۆرەکانی یادگە( پۆلێنی ئەتکنسۆن و شیفرن)
- گرنگترین تایبەتمەندییەکانی هەستەوەرە یادگە:-
- چەند هەنگاوێکی ستراتیژی بۆ چاککردن و باشترکردنی یادگە

## بەشی شەشەم

## نوێنەرایەتی و سیمبولیزەکردنی زانیاری لە سیستمی مەعریفیدا

- نوێنەرایەتی مەعریفی
- گرنگترینی ئەو رێگایانەی زانایان بۆ نوێنەرایەتی زانیاری لە بونیادی مەعریفی تاك لەسەری رێك کەوتوون:

## بەشی حەوتەم

## شێوازە مەعریفیەکان

- ریشەی چەمکی شێوازی مەعریفی بۆ چوار سەرچاوە دەگەڕێتەوە:
- پێناسەی شێوازە مەعریفییەکان
- هەندێ لەتایپە مەعریفییەکان
- پێکهاتەکانی شێوازی مەعریفی

- **پۆلێنی شێوازە مەعریفییەکان**

**سەرچاوەکان:**

1- علم النفس المعرفی /أ.د عدنان یوسف العتوم
2- النمو العقلي و التطور المعرفي /محمد وقيدي
3- دراسات معاصره فی علم النفس المعرفی / أ.د مهند عبد الستار
4- علم النفس المعرفی المعاصر / الدکتور انور محمد الشرقاوی

**پرسیاری نموونەیی**

**پێناسەی ئۆزۆبل بۆ دەروونزانی مەعریفی چییە؟ دواتر بزانە: فەلسەفە (3) سێ توخم وەك مەرج بۆ روودانی مەعریفە دەخاتە روو ، ئەم 3 توخمانە چین بیانژمێرە و قسە لەسەر یەکێکیان بکە.**

**وەڵامی نموونەیی**

پێناسەی ئۆزۆبل1969 : ئەو چوارچێوەیە کە لە چەند راستییەك و چەمك و زانیارییەك پێکدێت، هەروەها چەند گشتاندن و تیۆر و دۆزێك کە تاك فێریان دەبێت،کە دەتوانێ لە کاتی پێویست بیانگێرێتەوە و بەکاریان بهێنێ.

فەلسەفە (3) سێ توخم وەك مەرج بۆ روودانی مەعریفە دەخاتە روو:

1- خودی پەیبەر و عاقڵ 2- فەراهەمبوونی بابەتێك لە ژینگە کە مەعریفە بە خۆیەوە سەرقاڵکات

3- فەراهەمبوونی پەیوەندیی لە نێوان خود و بابەت.

خودی پەیبەر و عاقڵ:- دوو مەرجی بنچینەیین بۆ روودانی مەعریفە نەك بە تەنها لە تێڕوانینی فەلسەفیەوە بەڵکو لە تێڕوانینی دەروونیشەوە، خودی پەیبەر ئەو بوونەیە کە ماهییەتەکەی خۆی لێ روون و ئاشکرایە و لە کات و شوێنی تایبەتی خۆیدا هەمیشە سەرقاڵی پڕۆسە عەقلی و مەعریفیەکانە و بە مەش بوونی خۆی وەك بوونێکی زیندووی ئەکتیڤ دەزانێ و تەواوی مەوجوداتەکانی تر کە بەم شێوەیە چالاك نین ئەوا مەعریفە بە کێماسیەوە دێننە ئارا و ناسینیان بۆ شتەکان لاسەنگ دەبێت.

| |
|---|
| - |